# هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و هێرۆشیما و جەنگی سارد
# درۆیەکانی ئەمریکا !

**هێمن عەلی**

ئەو ئیمپراتۆرە مەزنەی ئەمریکا لە گەردوون هەڵتۆقیوە، لە ئەنجامی ژمارەیەک درۆی سامگرتووی سەرۆکەکانی گەشەیسەندووە . ، لێبەڵێ ئەو کۆمەڵە درۆیانە زۆر بەکەمی لەلایەن مێژوونووسە فەرمییەکان لە جیهان تیشکیان خراونەتە سەر و تەتەڵەکراون .

ئەگەر چی لەبنەڕەتدا، داهێنەری "ئامێری پڕۆپاگەندە" و "جەنگی واتەوات" ( هیتلەر ) بووە، کە پێیوابوو سروشتی مرۆڤایاتی جۆرێک لە ساویلکەیی تێدایە، زوو ختۆکەی درۆ دەبێت و بڕوا بە درۆ دەهێنێت، تا گەیبووە ئاستێک ڕێسایەکی بنچینەی وەهای داڕێشتبوو دەیووت: ( **هەر درۆیکتان پێدا لە قەبارەی خۆتان زیاد گەورەکرد، ئەوە شایانی بڕواکردنە** ) .

سا، سەرکردە حکوومەتە یەکلەدوایەکانی ئەمریکاش سوودیان لەو ڕێسایە داڕێژراوەی "هیتلەر" بینی، دەست بەرداری ئەو بیرۆکەیە نەبوون سەرەڕای دەرکەوتنی شۆڕشی تەکنەلۆجیا و زانستی پێشکەتوو و گلۆبالیزم ...... بەندوباوەکانی ئەمریکا ئەوڕۆ کە جیهانی پێچەواشەدەکات بریتین لە سەرەکۆنەکردنی هەردوو ڕژێمی نازی و فاشی و دووبەرەکایەتی ڕەگەزپەرستی .... !!

پرسگەلی درۆیەکانی ئەمریکا بابەتی سەرەکی نوێترین پەرتووکەکانی ئەمریکییە: ( چاخی زێڕین ) دانەرەکەی ( جۆرج فیدال ) . کتێبەکە کورتەی ئەو ڕوداوانەیە کە لەنێوان ساڵانی (1940 – 1950) لە مێژووی هاوچەرخی ئەمریکا داپۆشراون . نووسەر، سێ لە درۆیە هەرە گەورەکانی سەرۆکەکانی هەڵبژاردەوە، ئەوانیش: ( پێرل هاربەر، هێرۆشیما و شەڕیسارد )، ئەو سێ شتەی بە ئەفسانەی وەسپ (وصف) کردوون، بەهۆی ئەو ئەفسانەوە فەرمانڕەوایی ئەمریکا و جیهان دەکەن .

## ئەفسانەکانی ئەمریکا

• ئەفسانەی یەکەم / زۆر ووتار و حیکایەت نووسراون لەسەر بۆردومانی دڕندەیی(!) یابانییەکان بۆ سەر گەلەکشتی ئەمریکی لە بنکەی سەبازی ئەمریکی "پێرل هاربەر" . سا، لەدوای ئەو ڕووداوە ژمارەیەک " فیلم "ش لە هۆلیۆد بەبەرهەمهاتن، ئەمریکا بڕوای کرد، کە بڕوامان پێهێنان....!

بەڵام ( فیدال ) لە کتێبەکەیدا ئەو ڕووداوەی بە ( سیناریۆکی سامناک ) ناساندووە، هەروەها چەند ڕاستییەکی مێژوویشی لەسەر( پێرل هاربەر) ئاشکرادووە کە نووسویێتی: " لەوئاندا، سەرۆکی ئەمریکا ( فرانکلین دیلانۆر ڕۆزفێڵت ) ئارەزووی لێبوو لە دژی "هیتلەر" بجەنگێت، وەلێ لە ( 80٪ ) گەلی ئەمریکا لە دژی ئەو جەنگە بوون، نەیاندەخواست لە هیچ جەنگێکی ئەورووپی دەست تێکەڵبکەن لەدوای ئەو ڕووداوانەی کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوویاندا " .



پێرل هاربەر، یەکێک لە درۆگەلەکانی ئەمریکا

ڕۆزڤێلت، پێی‌نەدەکرا بە سانایی گەلی ئەمریکی بخزێنتە ئەو جەنگەوە کە خۆی هەوەسی لێبوو، لەبەر هەڵوێستەکەیان کە دژ بە جەنگبوون... بەڵام لە خۆش بەختی ئەو، لەدوای ئەو پەیمانە سەبازییەی کە لەنێوان یابان و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا مۆرکرا، کە بەو شێوەیە یەکێک لەو وواڵاتانە لەو شەڕە تێوەگلا، کە "ڕۆزفێڵت" دەمێکبوو خۆی بۆ ئامادەکردبوو، دوابەدوای ئەو وواڵاتە دوو وواڵاتەکەی دوایش بەو شەڕە وەدەبن ... "ڕۆزفێڵت"، ئەو پەلامارەی وڵاتگری یابانیەکانی بۆ داگیرکردنی چینی بە هەلوەرگرت، فرمانی بە گەلەکەشتیەکانیدا بەگژ یابانییەکان دابچنەوە، لەو بەگژاداچوونەیەدا بەردەوامبوون تا لە هێرشێکی ئاسمانیدا فڕۆکەکانی یابانی کەشتیگەلی ئەمریکی لە "پێرل هاربەر" بۆردوماندەکەن... بەمشێوەیە توانی گەلی ئەمریکی بورووژێنێت، پاڵپشتی گەلی ئەمریکا بەدەست بهێنێت بۆ چوونە ناو جەنگی جیهانی دووەم .

• ئەفسانەی دووەم / ( فیدال ) ، کە لە کتێبەکەی ئاماژەی بۆداوە، ئەویش: " بۆردومانکردنی هەردوو شاری هێرۆشیما و نگازاکی بوون بە بۆمبای ناوەکەیی "، ئیشارەتیداوە بە وتارێکی سەرۆکی ئەمریکی ( هاری ترۆمان ) کە پاساو بۆ ئەو دوو بۆمبە دەهێنێتەوە دەبێژیت : " **بۆ ئەوەی ژیانی یەک ملیۆن هاوڵاتی ئەمریکی بپارێزین لە شاڵاوی یابان، پێویستمان بەو بۆمبابارانکردنە هەیە** " ، ئەمەش لە ڕاستیدا بێجگە لە درۆیەکی گەورە زیاتر نەبوو، بەڵام ئەوجارەیان بە قەوارەیەکی چەوت .

(فیدال) لە کتێبەکەیدا نووسوێتی: هەردوو بەرپرسی باڵای ئەمریکی ( ئەدمیراڵ نیمتیز ) و ( جەنڕاڵ ئەیزنهاوەر ) لەوسا بەرهەڵستی ئەو بڕیارەی( ترۆمان)یان دەکرد، کە بیانووەکەیان ئەوەبوو؛ یابانییەکان لە جەنگ شکستیان خواردووە، پێویست بە بۆمبای ئەتۆمی و شاڵاوبردنە سەر ناکات . یابان لە بەرواری ( مایۆ 1945 ) ئامادەبوو خۆبەدەستەوەبدات لەپاش ئەوەی هاوێژەکانی ( قاذفات) ئەمریکی " تۆکیۆ" ی پایتەختیان وێرانکرد..... !!

• ئەفسانەی سێهەم / ( جەنگی سارده )، "فیدال" ئەو درۆیەی ئەمریکیەکانشی ئاشکراکردووە، کە دەیانووت لە سەرەتادا سۆڤیەت ( **یەکێتیی شورەویی** ) دەستی بەو شەڕە کردووە ...بەڵام کەچی لە ئەوەلدا ئەوان تەکانیاندا بەرەوڕووی "ستالین" هاوێشت، "ستالین"ش حەزی لە گەورەی دەکرد ...

هەرخۆشیان ئەڵمانیان کردە دوو بەشەوە، ئەمریکا داکۆکی لەکۆماری ئەڵمانیای ڕۆژاوا دەکرد، کە تازە جاڕی ئەو کۆمارەیان دابوو، وەلێ کاتێ "ستالین" نکووڵی لە ڕۆیشتنیان بۆ بەشی بەرلینی ڕۆژاوا کرد، ئەوە یەکسەر بەرپەچی "ستالین"یان بە دروستکردنی پردێکی هەوای لە نێوان واشنتۆن و بەرلین دایەوە، هەرەها لە پڕۆژەشیاندابوو هێرش بکەنە سەر فەڕنسا و دواتر بۆ ئەتڵەنتی بپەڕنەوە .

( جۆرج فیدال )، پێیوایە ئەورۆ زۆربەی مێژوونووسەکان لە جیهان بەتایبەتی لە ئەمریکا پەیان بەو سێ ئەفسانە گەورەیە بردووە، بۆیان ڕوونبۆتەوە ئەو ئەفسانانە لە درۆیەکی ڕووت زیاترنەبووە . بەڵام مێژوونووسەکانی حکوومەتی ئەمریکی لەبەر بەرژەوەندیە تەسکەکانیان کە گیرۆدەی پلەوپایە و سەروکاری خۆیانن ئیش لە زانکۆیەکانی فیدڕاڵی دەکەن، ناتوانن دان بە هەموو ڕاستیەکان بنێن یان دەگەڵ دەنگە یاخییەکان " کە ڕاستییان گەڕەکە " دەست تێکەڵبکەن، بۆیە نۆکە، بێدەنگیان هەڵبژاردووە دەگەڵ ئەو بارە سەپاوە خۆیان گونجاندوە . بەگۆتەی ( داڤید هیۆم ) کە لەسەر ئەو پرسگەلە نووسوێتی: " ئەو بژاردەی ( النخبة ) ئیرۆ دەسەڵاتدارن زۆر ڕاستیان لەکنە، وەلێ بە ئاراستەی ڕای گشتی دەسەڵات بەڕێوەدەبەن " . هۆکارەکانی ڕاگەیاندن یارمەتی ئەوانیانداوە بۆ پەردەداپۆشین بەسەر ڕاستییەکان و هاندانی جەماوەر بۆ بڕواهێنان بە درۆیەکان، چونکە خاوەنبڕیارەکان پێوستیان بە کۆدەنگی هاوڵاتیانە بۆ دەرکردنی بڕیاری سیاسی . ئـا ، ئەلێرەدا گرنگی کتێبی ( **چـاخی زێڕیـن** ) و زرەنگی دانەرەکەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە توانیویەتی ژیانی سیاسی واشنتۆن لە دەیەکی ( عقد ) ناوەڕاستی سەتەی ڕابردوو بۆ جیهان ئاشکرابکات، کە گەلێک گۆڕانکاری و ڕووداوگەل بەسەر دنیا داهاتن وەک: کەوتنی فەڕەنسا، پێرل هاربەر، هێرۆشیما و نگازاکی، جەنگی ساردو.... لێبەڵێ ئەو نایەوێت بەدوای درۆیەکانی حکوومەتی ئەمریکا بکەوێت لەوبارەیەوە دەبێژێت: ( **پێویستە ئەوە بۆ خەڵکی بنووسینەوە، کە کردوویانە » وەک خۆی»** )، هەروەها با چیتر قوڵاغی گوێچکەکانمان بە حیکایەتە درۆیەکانیان پڕنەکەین، متمانە بە حیکایەتخوانە درۆزنەکان نەکەین . . لەدوماهیدا ( فیدال ) تەواو بڕوای بەو بانگەشە ئەمریکییە هەیە کە دەڵێ: ( **ئەو ڕۆژەی ئەمریکا ڕاستی دەڵێ، هەر لەو ڕۆژیشدا ئەمریکییەکان دەزانن بە درۆئاسا فەرمانڕەواییان کردوون** ) .

---------------------------------------------

سەرچاوە: وێبسایتی ( أخبار الأدب ) ی عەرەبی.